
# کاریگەری قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەر لەسەر شیعرکانی (پوشکین)

ن/ حوسێن عەلاوی

و/یاسین ڕەسول عوسمان

**ــ چامە شیعری (پڕشنگێک لە قورئانەوە)ی پوشکین، کەلەپورێکە شایەتە لەسەر مەزنی ئیسلام و بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر توانای بەها قورئانیەکان، کە دەتوانن ئاسۆکانی کات و شوێن ببەزێنن و بچنە ناخی خەڵکانێک بڕوایان بە ئیسلامیش نەبێت.**

**ــ (ستڕاخوف) ی ڕەخنەگر: دیارە قورئان کاریگەری زۆری لەسەر خەڵک هەیە، بۆیە هەنووکەش ئەم کتێبە گیانی سەرکەوتنی مەزنی تێدایە**



ئەلکیسەندەر پوشکین (1872-1799) یەکێکە لە مەزنترین ئەدیبەکانی ڕووسیا و، گەورەترین ئەدیبێکیانە کە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی خۆشبوێت و کەوتۆتە ژێر کاریگەری ژیاری و ڕۆحی ڕۆژهەڵات.

لە سەردەمی لاویدا پوشکین ڕێبازی (ڕۆمانتیکی) گرتبوویە بەر، بەڵام بە ئاگاهی چڕی لە ژیانی گەلی ڕووسیا، کە ئەو گەلە لە ناوەوە گرفتار بوو بە سەرکوت کردن و چەوساندنەوەو، بە هۆی ئاشنابوونی بە فیکری شۆڕشگێڕی هەندێ لە هاوەڵە ڕۆشنبیرەکانی، بیری گۆڕان بەسەریدا زاڵبوو و، وایلێکرد بە زۆرێك لە بیروبۆچوونەکانی دا بێتەوە، ئەمەش بووە مایەی گەڕان و لێکۆڵینەوە بە دوای زۆرێك لە سەرچاوەکان، لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست کە ڕێنموونی بکەن، ڕووەوقوتاربوون لەو قەیرانە ڕۆحی‌یەی تیایدا دەژیا.

قورئانی پیرۆز یەکێك بووە لەو سەرچاوانەی پوشکین لە قۆناغێکی زۆر ناسکی ژیانی دا توێژینەوەی لەسەر کردووە و ئەنجامەکەشی گۆڕینی ڕێبازەکەی بوو ڕووەو (ڕیالیزم).

***پوشکین و قورئانی پیرۆز:**

پوشکین قورئانی پیرۆزی بە وەرگێڕانە ڕووسی‌یەکەی سالّی (1790) خوێندۆتەوە، کە (فریوفکین) لە فەڕەنسی‌یەوە وەرێگڕابووە سەر ڕووسی ، پاش ئەوە سالّی 1824 چامە شیعریەکی درێژ کە لە (174) دێڕ پێکهاتووە بە ناوی (پڕشنگێك لە قورئانەوە)ی نووسیوە.

لێرەدا پێویستە هەڵوێستەیەك بکەین بۆ زانینی بۆچوونەکانی مرۆڤێك کە هەڵگری دینێکی ترە، گرنگە ئەوەش بزانین کە ئەو پەروەردەو کەلتورو عەقیدەیەی پوشکین هەیبووە کەمێك لە بۆچوونەکانی پێچەوانەی ئاینی ئیسلامە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرسام بووە بە کەسایەتی پێغەمبەرمان محەمەد (درودو سڵاوی خوای لەسەر)و، زۆر ڕێزی دەگرت و، هەمان هەڵوێستی بووە بەرامبەر ئەدەب و ژیاری ئیسلامیش.

پوشکین هەستا بە گواستنەوەی چەند بابەتێکی مرۆیانەی مەزن کە قورئانیان ڕازاندۆتەوە، لەکاتێکدا زمانی ڕووسی زۆر گران و قوڕس بووە، بە شێوازێکی ئەدەبی جوان و ئاسان و بە شیعر خستی‌یە خزمەت نەتەوەکەی، بۆیە بە دامەزرێنەری زمانی ئەدەبی ڕووسی نوێ دادەنرێت.

لەوانەیە ئەو خاڵە فاکتەری سەرەکی بێت کە بابەتەکانی قورئانی پیرۆزی لە وەرگێڕانی کۆن داڕنیبێت و بە شیعر پێشکەشی خەڵکی کردبێت، بۆئەوەی بتوانن تێی بگەن و سوودی لێ وەربگرن.

*توێژەری ڕووسی (ن ، با ، سولوفی) دەڵێت: پوشکین لەم زنجیرە شیعری‌یەدا بە شێوەیەکی

### دەستەبژێرێک لە ڕۆشنبیرە ڕوسەکان و پێشەنگانی بزاڤی نیشتمانی

# ژیاننامەی پێغەمبەریان کردبووە ئەزموونێکی پێشەنگی ئارامگر لەسەر پەیامەکەی و خەبات کردن لە پێناوی دا

واقیعی تایبەتمەندییەکانی ژیاری ئیسلامی دەخاتە ڕوو، هەوڵ دەدات وێناکردنێکی بابەتیانە لەمەڕ قورئان و پێغەمبەر (محەممەد – دروودو سڵاوی خوای لەسەر -) بکێشێت، هەروەها پوشکین لەم بەرهەمە شیعریەیدا هەوڵ دەدات ئەندازەی کاریگەری قورئان و گرنگییەکەی بۆ کۆمەڵگەی ئەوکاتە بخاتە ڕوو.

دەستەبژێرێك لە ڕۆشنبیرە ڕوسەکان و پێشەنگانی بزاڤی نیشتمانی ژیاننامەی پێغەمبەریان کردبوویە ئەزموونێکی پێشەنگی ئارامگر لەسەر پەیامەکەی و خەبات کردن لەپێناوی دا، لەوانە: وتەکانی ئەدیبی شۆڕشگێڕ(تشادایف) کە جەخت دەکات لەسەر مەزنی پێغەمبەر (محەممەد - دروودو سڵاوی خوای لەسەر) و، کاریگەری لەسەر بزاوتنی شۆڕشگێڕی و ئەو دەڵێت: (مەزنی پێغەمبەر (محەممەد - دروودو سڵاوی خوای لەسەر) کە ئاڵای بانگەوازێکی نوێی هەڵگرت و سەرهەڵدانی، بوویە فەزڵێك، لەکاتێکدا باری ئاینی خۆرهەڵات لە جۆشدا بوو، ماندەری خەباتمان بووە).

**- لە ژیاننامەی پێغەمبەرەوە - دروودو سڵاوی خوای لەسەر-**

ئەو پیاوە نەخوێندەوارەی کە بە هێزی بانگەوازەی توانی هۆزو تیرە بت پەرستەکان کۆ بکاتەوەو دەوڵەتێك دروست بکات کە بگاتە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و سۆزو سەرسامی ئەوانەش بە دەست بهێنێت، کە دینێکی غەیرە ئیسلامیان هەڵگرتبێت. لەنێوانیاندا (پوشکین) کە بە پێشەوای شاعیرەکانی ڕووس دێتە هەژماردن و ئیلهامی لە قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەر (محەممەد — دروودو سڵاوی خوای لەسەر—) وەرگرتووە، هەروەها هەردوو چامە شیعریەکەی (پێغەمبەر) و (پرشنگێك لە قورئانەوە) شوێنێکی دیارو بەرچاویان هەیە لە ئەدەبی ڕووسیدا، کە هەردووکیان لە کەلەپووری ئیسلامی و ژیاننامەی پێغەمبەرەوە - دروودو سڵاوی خوای لەسەر- سەرچاوەیان گرتووە.

هەرچەندە پوشکین چامە شیعری (پێغەمبەر)ی لە ساڵی (1826) دا نووسیوەو، شیعری (پرشنگێك لە قورئانەوە)ی لە ساڵی (1824) نووسیوە، بەڵام پێمان باشە لە پێشدا باسێك لە چامە شیعری (پێغەمبەر - دروودو سڵاوی خوای لەسەر- ) بکەین، چونکە ئەم چامە شیعرییەی باس لە سەرەتا قۆناغەکانی ژیانی پێغەمبەر (دروودو سڵاوی خوای لەسەر)و، کاتی دابەزینی نیگا دەکات، لە کاتیکمدا چامە شیعری، (پرشنگێك لە قورئانەوە) قۆناغەکانی پاش ئەو باس دەکات.

چامە شیعرییەکەی پوشکین بە ناوی (پێغەمبەر) بە دوو کۆپلە دەست پێ دەکات، ئاماژەیەکی خێرای بارودۆخی پێش هاتنە خوارەوەی نیگای تێدایە، چونکە پێغەمبەری چاوەڕوان کراو، ڕۆحی پاکی جیای دەکاتەوە، لە ماناکانی بوون و گەردوون و ژیان ڕامان دەکات، بۆیە گیانی شکۆمەندی و ڕامانکاری خوازیاری دابڕان دەبێت لە بیابانەکاندا و، بە دوای وەڵامدا دەگەڕێت دڵی ئاو بخواتەوەو، ماندوێتی فیکری بڕەوێنێتەوە.

پوشکین بە ئەندێشەکاری، وێنەی (جوبرەئیل)ی فریشتە بە شەش باڵەوە دەکێشێت، لەوانەیە ئیلهامی وێناکردنی جوبرەئیلی لە ئایەتی یەکەمی سووڕەتی (فاطر)ەوە وەرگرتبێت.

﴿الحمد لله فاطر السموات والارض جاعل الملائكة رسلا اولي أجنحة مثنى وثلاث ورباع يزيد في الخلق ما يشاء ان الله على كل شئ قدير﴾.

**- ڕازەکانی غەیب:**

پاشان ئەو گۆڕانکارییە وێنا دەکات کە بەسەر پێغەمبەردا هاتووە دوای دابەزینی نیگا، چونکە ڕازەکانی (غەیب)ی لەبەردەمدا ئاشکرا دەبێت، ئەو ڕازانەی مرۆڤە ئاساییەکان دەرکی پێ ناکەن کاریگەری دیتنی پێغەمبەر (دروودو سڵاوی خوای لەسەر) بۆ (جوبرەئیل) ئەمەی لێ ڕوودەدات:

**- گوێبیستی گرمەی ئاسمان بووم**
**فڕینی فریشتەکان لە بڵندی دا**
**جووڵەی ناخی دەریاکان و**
**گەشەی کەرامەتێکی دابڕاوە...**

پاش ئەوەی پرۆسەی بە قەڵاکردنی جەستەی پێغەمبەر (دروودو سڵاوی خوای لەسەر) تەواو دەبێت، پێویست دەکات بە ئەرکەکانی پەیامداری هەستێت، ئەو پەیامەی ڕووناکیەکەی لە تەواوی گۆی زەوی و دەریاکاندا دەبیسترێت، تا ئەو ڕادەیەی دەگاتە ناخی دڵەکان:

**- دەنگی پەروەردگار بانگی کردم**
**هەستە ئەی پێغەمبەر . . . ببینە**

**شکۆی خواست و دەسەڵاتم**
**دەریاکان و زەوی تەی بکە...**

ئایا ئـەم دێـڕە لەمـە ناچـێت لـە ئایەتەکانی (2,1)ی سورەتی (المدثر) وەرگیرابێت:

﴿یاأیها المدثر(١) قم فانذر(٢) وربك فكبر﴾

پرسیارێك دەمێنێت بۆچی پوشکین دێـت و کەسـایەتی پێغەمبـەر دەنەخشێنێت؟

چونکە پوشکین زۆر موعجیب بووە بە ژیاننامـەی پێغەمبـەر (دروودو سـڵاوی خـوای لەسـەر)، ئـەوەی شـایەتی ئـەم ئیعجابـە دەدات، لـە زۆربـەی چـامە شـیعرییەکانیدا ئیلـهامی لـە ژیاننامـەی پێغەمبەر (دروودو سڵاوی خوای لەسەر) وەرگرتووە.

بەتایبەتی لە چامە شیعری (پرشنگێك لـە قورئانـەوە)، کـە ئـەم هۆنراوەیـەی کەلەپورێکـە شـایەتە لەسـەر مـەزنی ئیسـلام و بەڵگەیـەکی بـەهێزە لەسـەر توانای بـەها قورئانیـەکان کـە دەتـوانن ئاسۆکانی کات و شوێن ببەزێنن و بچنە ناخی خەڵکانێك بڕوایان بـە ئیسـلامیش نەبێت.

ئـەو گرنگیـە گەورەیـەی ڕەخنـەی ڕووسـی داویانەتـە توێژینـەوەی چامە شـیعری (پرشـنگێك لـە قورئانـەوە) هەماهەنگە لەگەڵ ئـەو پێگـە فیکری و هونەرییە بەهێزەی ئـەم چامە هەیـەتی لەناو تەواوی بەرهەمەکانی پوشکیندا.

پرسـیارەکە دووبـارە دەبێتـەوە، دەربـارەی ئـەو فاکتەرانـەی هـانی پوشکین دەدەن گرنگی بداتە قورئان؟

(لوبیکـا) ی ڕەخنـەگر دەڵێـت: (بـە درێژایی سـەد سـاڵ زۆربـەی توێـژەران هەوڵیان داوە ئەو فاکتەرانە بدۆزنـەوە، کـە پوشـکینی ڕووەو قورئـان سەرنجکێش کردووە، چی موتیڤی بووە (پرشـنگەکان) بنووسـێت؟ ئـەم پرسـیارکردنەش بـەدەر نییـە لـە سەرسوڕمان؟؟!

**- فاکتەرەکانی گرنگیدان:**

توێـژەران جیاوازییـان هەیـە لـە دەست نیشـانکردنی هۆکـانی گرنگـی دانـی پوشـکین بـە قورئـان، لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن ئـەو توێژینەوانـە بـە کـورتی بهێنینـەوە کـە بـاس لـە (پرشـنگێك لـە قورئانەوە) دەکەن.

(کاشـنارلیڤار) دەڵێـت: گرنگـی دانـی پوشکین بە قورئان لەبەر چەند هۆیـەکی شەخسی خۆی بووە، ئاسایی بـووە کـە پوشـکین گرنگیـەکی تایبـەتی و هەستێکی هەبێت بەرامبەر بە قورئان..

(سلومینسـکی) ڕەخنـەگر دەڵێـت: (هەماهەنگی و هاوتاییەك هەیە لە نێوان ئـەو بەڵگـە نیگابەخشـانەی لـە قورئانـدا هـەن، لەگـەڵ مەشـخەڵی بـارودۆخی مێژووی ڕوسیا).

(ستراخوف) ی ڕەخنەگر دەڵێت: (دیارە قورئـان کاریگـەری زۆری لەسـەر خـەڵك هەیە، بۆیە هەنووکەش ئەم کتێبە گیانی سەرکەوتنی مەزنی تێدایە).

ڕەخنـەگری ڕووسـی (براجینسـکی) دەڵێت: (ڕامانی پوشکین لە قورئـان لـە ڕووی فەلسـەفیەوە بـووە، بـە مەبەسـتی هۆشـیاربوون لـە پەنـدەکانی مێـژوو لـە پێناو خزمەتی واقیعی ئەمڕۆ).

پوشکین چامەی یەکـەمی بـەو سـوێندە دیارانـە دەسـت پـێ دەکـات، کـە لـە سـەرەتای زۆرێـك لـە سـوورەتەکانی قورئاندا هـاتوون: (الشفع، النجم) پـاش ئـەم سـوێندانە ئیلـهام لـە بەشـێکی سورەتی (الضحى) وەردەگرێت، کە باس لە غەمباری و پەژارەیی پێغەمبەر (دروودو سڵاوی خوای لەسەر) دەکات، بە هـۆی دابڕانـی نیگـا لێـی و زۆر دڵتـەنگ بـووە، هـەروەك لـە ئایەتـەکانی ( 1 و 2 )ی سـورەتەکە دا هـاتووە ﴿والضحى (١) والليل اذا سجى (٢) ما ودعك ربك وما قلى(٣)﴾

پوشکین لـەو شـیعرەی دا لـە ژێـر تیشـکی ئـەم چـەند ئایەتـەی پێشـوو، ڕوو لـە پێغەمبـەر (دروودو سـڵاوی خـوای لەسـەر) دەکـات و، دەنووسێت:

**- سوێند بە ڕۆژی قوربانی و عەرەفە**
**سوێند بە شمشێرو جەنگی هەق**
**سوێند بە ئەسـتێرەکان و بـەیانی و کاتی عیشا**
**نـەخێر، هـەرگیز فـەرامۆش نەکراوی...**

لـە برگـەی دووەمـدا پوشـکین چـیرۆکی کۆچـی پێغەمبـەر (دروودو سـڵاوی خـوای لەسـەر) لـە مەککەوە بۆ مەدینە وێنا دەکات، هـەروەك چـیرۆکەکە لـە ئایەتی(40) ی سورەتی (التوبە) دا هـاتووە ﴿ ألا تنصـروه فقـد نصـره الله اذ اخرجـه الـذين كفـروا ثاني اثنين اذ هما في الغار اذ يقـول لصـاحبه لا تحـزن ان الله معنـا، فـأنزل الله سـكينته عليـه وأيـده بجنود لم تروها وجعل كلمة الـذين كفروا السفلى وكلمة الله هي العليـا، والله عزيز حكيم ﴾

پاشـان لـە کۆتـایی چـامەکەیدا دێتـەوە بـۆ ئیلـهام وەرگـرتن لـە سورەتی (الضحى) (فأما اليتيم فلا تقهر) و، دەنووسێت:

**- قورئانەکەم و بێ سەرپەرشتانم خۆش دەوێ**
**مژدەبەخشـی بـۆ ئافەریـدە لانەوازەکان...**

چـامەی دووەم کاریگـەری ئایەتـە قورئانیـەکان لەسـەر پوشـکین نیشـان دەدات.. دەربـارەی باڵاپۆشـی و ڕەت کردنـەوەی (تەبەروج) ، ئەوەی کە لە پاکی و

بێ گەردی هاوسەرەکانی پێغەمبەر (درودو سڵاوی خوای لەسەر) بەرز دەبێتەوە، وازهێنان و دەست هەڵگرتنیان لەو دنیاو خۆڕازاندنەوەی نەشیاو بەرامبەر هەڵبژرادنی پێغەمبەر (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، بە تایبەتی ئایەتەکانی (32، 33)ی سورەتی (الاحزاب) ﴿ یا نساء النبي لستن كاحد من النساء ان اتقيتن، فلا تخضعن بالقول فيطمع الذي في قلبه مرض و قلن قولا معروفا (32) وقرن في بيوتكن ولاتبرجن تبرج الجاهلية الاولى﴾ هەروەها ئایەتی(53) ی سورەتی (الاحزاب): ﴿ياايها الذين آمنوا لا تدخلوا بيوت النبي الا أن تؤذن لكم الى طعام غير ناظرين اناه ولكن اذا دعيتم فادخلوا فاذا طعمتم فانتشروا ولا مستئنسين لحديث ان ذلكم كان يؤذي النبي فيستحي منكم والله لايستحي من الحق﴾.

پوشکین لە چامەکەیدا و لەسەر ئەم کرۆکە وێنا شیعرییەکەی بەم شێوەیە بنیات دەنێت:

**ـ ئەی هاوسەرە داوێن پاکەکانی پێغەمبەر**
**ئێوەو ژنانی دی جودان**
**هات شەبەنگی تۆقێنەر**
**بەڵام**
**لە سایەی زوڵاڵی سەکینەدا**
**کە بە ئێوەوە بەندە، بە پاکی بژین**
**پاکی و باڵا پۆشی فەریکە کیژان**
**پارێزگاری دڵە بە ئەمەکەکان بکەن**
**لە پێناو**
**خۆشی و بەختەوەری شەرمەندەکان**
**تیڕوانینی فێڵبازانەی کافرەکان**
**نەهێڵن**
**ڕووخسارتان ببینن**
**بەڵام، ئێوەش ئەی میوانانی پێغەمبەر**
**کە دەبارێنە سەر خوانی شەوان**
**ئاگادارین**
**جوانی و ڕازاوەیی دونیاتان**
**پێغەمبەرەکەتان لێڵ نەکات**
**ئەو حەزی لە زۆر بلێکان نییە**
**بە ئەدەبەوە**
**لە بەردەم هاوسەرە داوێن پاکەکاندا**
**بووەستن...**

**ـ (وەڵامدانەوە دەروونی و فیکرییەکان):** وا دیارە پوشکین لەم ئایەتانەوە نیگابەخشی وەرگرتبێت، کە وەڵام دەرەوەی بێزارییەکانی بوونە، بەرامبەر لە سنوور دەرچوونی ئافرەتانی چینە ئەرستوکراتیەکەی لادانیان لە باڵا پۆشی، بوویە هۆی هەندێك لەو ئافرەتانە سیفەتە ئەخلاقیەکانی ئەمەکداری بۆ خێزان و هاوسەرەکانیان بزر بکەن، هەروەها ئەم دێرانە، سەرنجێکی پوشکینمان نیشان دەدات ڕووەو نموونەو ئەزموونی داوێن پاکی و بە ئەمەك بوونی ئافرەتان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا.

چامەی سێیەم، کاریگەری ئایەتە قورئانییەکانی تایبەت بە خاکی بوون و ڕێزگرتنی کەرامەتی مرۆڤ بە چاوپۆشی لە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی سەرنجی پوشکینی ڕاکێشاوە.

هەروەها ئەو ئایەتانەی بانگەشەی جوانترین شێوەی ئامۆژگاری کردن دەکەن و، ئەو ئایەتانەی مرۆڤ هان دەدەن بیربکەنەوە لە بەڵگەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە و، تیاچوونی خۆشی و حەزە دونیاییەکان و، نەهامەتیەکانی قیامەت دەخەنەڕوو.

لە چامەی پێنجەمدا ئایەتی (35)ی سورەتی (النور) هەڵوێستەیەك بە پوشکین دەکات.. ئەو ئایەتە دەفەرمووێت: ﴿ الله نور السموات والارض مثل نوره كمشكاة فيها مصباح المصباح في الزجاجة الزجاجة كأنها كوكب دري يوقد من شجرة مباركة﴾.. ئوشکینیش دەنووسێت:

**ـ خۆر لە گەردووندا هەڵکرا**
**ئاسمان و زەوی ڕوون کردەوە**
**وەك لە چیرۆکێکی پڕ لە زەیتی چەور**
**چرایەکی شووشەیی ڕۆشنکردەوە**
**نوێژ بۆ بەدیهێنەری بە توانا بکە**
**ئەو لە ڕۆژی نەهامەتییەکاندا**
**دەسەڵاتی هەیە بەسەر ڕەشەبادا**
**هەورەکان بۆ ئاسمان دەنێرێت**
**سێبەری درەختەکان دەبەخشێتە زەوی**
**ئەو بۆ محەممەد بە میهرەبانی**
**قورئانی ڕۆشنکەرەوەی نارد**
**با ئێمەش بە دوای ڕوناکی دا بڕۆین**
**با تارماییە ڕەشەکانی بەرچاو نەمێنن...**

دوا دێڕی شیعرەکە بانگەوازە بۆ بڕواهێنان بە (ڕۆحی گەشی قورئان) و پێویستی نغرۆبوون لە ڕوناکی پیرۆزی ئەودا.

بەم شێوەیە، گەر کۆمەڵێك لە نوسین و بەرهەمە شیعرییەکانی پوشکین بەسەربکەینەوە، زۆر لە شیعرەکانی بە ڕێزەوە ئاماژە بۆ ئیسلام و موسڵمانان دەکات، هەروەها لە دوا چامەی شیعرییدا ناوی فەلەستین و ڕوباری فوراتی هێناوە، ئەمانەش جگە لە شکۆدارکردنی قورئانی پیرۆز و ڕێزداری نواندنی بۆ پێغەمبەرمان (درودو سڵاوی خوای لەسەر).